باڤە تاڵەبانی لە بەغدا لەگەڵ ئەمینداری گشتیی بزووتنەوەی عەسائیبی ئەهلی حەق کۆدەبێتەوە

ئەمڕۆ سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەغدا چاوپێکەوت بە قەیس خەزعەلی، ئەمینداری گشتیی بزووتنەوەی عەسائیبی ئەهلی حەق.

لە دیدارەکدا بەگوێرەی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی یەکێتیی، دوایین پەرەسەندنە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەکان گفتوگۆیان لەبارەوەکرا و بەردەوامیی گفتوگۆی لایەنەکانی پەکهەنێری حکومەت لەچوارچێوەی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکان و پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری دووپاتکرایەوە.

لەدرێژەی دیدارەکەدا باڤە تاڵەبانی جەختی لە هەماهەنگی و کاری هاوبەشی نێوان لایەنەکان کردەوە و ڕایگەیاند، دەخەکە پێویستی بە هەوڵی هەمووانە و پێویستە پێکەوە لە خەمی داهاتوو و ژیانی خەڵکەکەماندا بین، هیوادارین هەموولایەک بەرپرسیارانە مامەڵە بکەن و هەنگاوەکانیان لەخزمەت بەدیهێنانی بەرژەوەندییە گشتییەکاندا بێت.

چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەتایبەت پرسی مووچە و شایستەداراییەکانی هەرەمی کوردستان تەوەرەکیتری دیدارەکەبوو و هەردوولا جەختیان لە پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکان و پاراستنی مافی هەموولایەک لەچوارچێوەی دەستووردا کردەوە.